

# بەشوودانی پێشوەختەی کچان دەچێتە خانەی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی منداڵەوە



گوڵان: کۆمەڵایەتی

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، هاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی ١٨ساڵ قەدەغە دەکەن و بەپێی یاسای زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو بەشوودانی پێشوەختی کچان دەچێتە خانەی توندوتیژی و دەستدرێژی بۆسەر منداڵێتی کچ. لە ماددەی ١٦ی کۆنوانسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەشوودانی کچ لە ژێر تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) ڕێگەپێنەدراوە و بە کاری نایاسایی و قەدەغەکراو لە قەڵەم دەدرێ، کەچی لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا بە کوردستانیشەوە هاوسەرگیریی پێشوەخت وەك دیاردەیەك بوونی هەیە. لە ئاستی جیهانیشیدا ساڵانە (١٤) ملیۆن ئافرەت لە تەمەنی (١٤ تا ١٩) ساڵ دەبن بە دایك و دایکانی ژێر تەمەن ١٥ ساڵیش زیاترین قوربانییەکانی ئەو دیاردەیەن کە لەکاتی منداڵبووندا گیان لەدەست دەدەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەخت و دەرکەوتە نەرێنییەکانی زانیاری زیاترمان پێدەدەن.

د. مەهاباد کامل:

**پێویستە مەلاکان بە هیچ شێوەیەک لە دەرەوەی دادگا کچانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ مارە نەکەن، حکومەت و پەرلەمانیش ڕێکاری یاسایی بگرنەبەر بۆ ڕێگریکردن لە هاوسەرگیریی پێشوەخت و سەرپێچیکارانیش سزای یاساییان بۆ دابنرێت**

د. بەشیر خەلیل حەداد:

**منیش لەگەڵ ئەوەم کچ لە تەمەنی ١٨ و تەنانەت بیست ساڵان شوو بکات، بەڵام بە مەرجێک کە گەرەنتییەک هەبێت بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست بژی**

کەژاڵ هادی فەقێ:

**کاتێک لە دەرەوەی دادگا و لە ڕێگەی مەلاکان مارەبڕینی کچانی منداڵ ئەنجام دەدرێ، ئەوا دادگا ناچار دەبێ گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە تۆمار بکات**

### هاوسەرگیریی پێشوەخت و درەنگ وەختیش پڕکێشەن

د. مهاباد کامل عەبدوڵڵا مامۆستای بەشی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هاوسەرگیریی پێشوەخت و درەنگ وەختیش بێ کێشە و گرفت نییە و لە هەر دوو جۆری ئەو هاوسەرگیرییە و بەتایبەتی لە هاوسەرگیریی پێشوەختدا کچان لە زۆر ڕووەوە تووشی کێشەی گەورە دەبنەوە». گوتیشی: «بەداخەوە هاوسەرگیریی پێشوەخت بۆتە دیاردە و تەنانەت قوتابییەکانی قۆناغی یەکەمی زانکۆ کە وەردەگیرێن، نزیکەی ٥٠ تا ٦٠٪یان هاوسەرگیرییان کردووە، بەتایبەتی کچەکان، هەروەها ژمارەی ئەو کچانەش کە لە قۆناغی ئامادەیی بە شوو دەدرێن کەم نین، ئەوەش چەندین هۆکاری هەیە، هۆکاری یەکەم: نەبوونی ڕۆشنبیریی خێزانە بەرامبەر بە مەترسییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت، هۆکاری دووەم ترسی دایك و باوکەکانە لەوەی کچەکەیان تووشی هەڵەیەك بێت، هۆکاری سێهەم باری ئابووریی خێزانە و لەوانەیە توانای ئەوەیان نەبێت خەرجی خوێندنی کچەکەیان تا ئاستی خوێندنی باڵا دابین بکەن، هۆکاری چوارەمیش ئەوەیە کە هەندێك لە دایك و باوکان سەربەستی و ئازادییەکی زۆر بە کچەکەی خۆیان دەدەن بۆ چوونە ناو ژیانی هاوسەری، کاتێکیش پرسیاریان لێدەکەن کە بۆچی کچیان وا بە منداڵی بە شوو داوە؟ دەڵێن: خواستی خۆی بووە. زۆرجاریش دایك و باوك لە بەردەم هاوسەرگیریی پێشوەختە ڕێگر بوون، بەڵام کچەکە هەڕەشەی خۆسووتاندنی کردووە، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە هەموو جۆرە خەڵکێك لە بیانی و عەرەب و وڵاتانی دەوروبەر چ وەك ئاوارە و چ وەك کاسبکار ڕژاونەتە وڵاتەکەمان و ئەوانیش زۆرجار بە ناچاری، یان بە خواستی خۆیان، کچیان لە ژێر تەمەنی یاسایی بە شوو دەدەن، بەڵام بەگشتی و بە هەر هۆکارێك ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانە کاردانەوەی باشی نەبووە، زۆر جاریش دەرەنجامەکەی جیابوونەوە بووە یان زیاتربوونی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە، ئێستاش بەپێی ئامارەکان دەبینین ڕێژەی تەڵاق لە ڕێژەی هاوسەرگیری زیاترە. واتە کاتێك کچێك نەگەیشتۆتە تەمەنێك کە ڕاست و چەپی خۆی لە یەك جیابکاتەوە، یان لە ڕووی جەستەیی و عەقڵییەوە بە تەواوی گەشەی نەکردووە، چۆن دەتوانێت بەرپرسیاریەتی قورسی هاوسەرداری و خێزانداری و دایکایەتی هەڵبگرێ؟ ئەو کچانەی زوو شوو دەکەن، بە رووکەش هەڵدەخەڵەتێن و پێیانوایە کە هاوسەرگیری تەنیا ڕۆژی ئاهەنگ و کراسی بووکێنی لەبەرکردن و چوونە سەفەر و سەیرانە، دواتر دەزانن بەرپرسیارێتییەکەیان زۆر لەوە گەورەترە کە چاوەڕێیان دەکرد. گەرچی هەموو ئەو هاوسەرگیرییانە لەوانەیە نەگاتە جیابوونەوە، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەکانیان قووڵتر دەبێت، لەلایەکی دیکەوە ئەو کچەی کە هاوسەرگیری پێشوەختی ئەنجامداوە، لە ڕووی ئابوورییەوە هیچ داهاتێکی نییە و خاوەن گیرفانی خۆی نییە، بۆیە تا کۆتایی ژیانی دەبێت هەر چاوەڕێی دەستی هاوسەرەکەی بکات».

### ڕوانگەی ئایینی و شەرعی بۆ هاوسەرگیریی پێشوەخت

کەسایەتی ئەکادیمی و ئایینی د. بەشیر خەلیل حەداد سەبارەت بە هەمان پرس قسەکانی بەمجۆرە دەستپێکرد: « سەبارەت بە قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی کچان لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ ئەوە شتێکە زیاتر کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان بە ناوی ئازادی و مافی مرۆڤ باسی دەکەن، ئەو تەمەنە لە شەرعی ئیسلامی پیرۆزدا ڕەچاو نەکراوە و لە ڕووی شەرعییەوە پێوەرەکە بلووغە، نەك تەمەن، چونکە کچ هەیە لە تەمەنی ١٠ ساڵان و هەشە لە تەمەنی ١٤ و ١٥ ساڵان بە تەمەنی بلووغ دەگات، ئەوەش پەیوەستە بە سروشت و شوێن و کەش و هەوای ژینگەیی کە وا دەکات کچان لەو شوێنانەی کە گەرمترن لە ڕووی کەش و هەوا زووتر بە تەمەنی بلووغ دەگەن، بلووغیش بەو مانایە کە کچەکە لە ڕووی ئەندامانی لەش و جەستەیەوە گەشەی تەواوی کردبێت. لە ڕووی عەقڵیشەوە دەبێت گەشەی کردبێت و لانیکەم دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە بڕیار بدات، لەبەر ئەوەی لەکاتی مارەکردن ڕای وەردەگرن. هەروەها کە کچ شوو دەکات، ماڵێك ئاوەدان دەکاتەوە، دواتر دەبێتە دایك و منداڵ پەروەردە دەکات و ئەرکی هاوسەرداری و خێزانی لە ئەستۆ دەبێت، واتە کۆمەڵێك ئەرکی قورسی دەکەوێتە سەرشان کە دەبێت توانای ڕاییکردنی هەبێت، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئەرکانە منیش لەگەڵ ئەوەم کچ لە تەمەنی ١٨ و تەنانەت بیست ساڵان شوو بکات، بەڵام بە مەرجێك کە گەرەنتییەك هەبێت بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دوور لە وروژاندن بژی، کۆمەڵگەیەك نەبێت تووشی هەڵە و لادانی بکات، دیارە کچ لە پاش ١٨ و تەنانەت ٢٠ ساڵانیش لە ڕووی عەقڵییەوە گەشە دەکات و دروستکردنی ژیانی خێزانیش هەم بلووغی جەستەیی و هەم بلووغی فکری پێویستە، بەڵام بەو هۆکارانەی باسکران، دایك و باوك هەندێکجار بەوە ڕازی دەبن کە کچی خۆیان لە ژێر تەمەنی ١٨ساڵیش بە شوو بدەن.

### پەرلەمان بەرنامەی چییە؟

کەژاڵ هادی فەقێ جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی لە ڕووی یاساییەوە قەدەغەیە، لەبەر ئەوەی لەو تەمەندا شێوازێك لە پێگەیشتن و کامڵبوونی ئەقڵی دروست نەبووە، بۆیە یاسا ڕێگەی هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی نادات، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا کە لە دەرەوەی دادگا و لە ڕێگەی مەلاکان مارەبڕین ئەنجام دەدرێ، ئەوا دادگا ناچار دەبێ گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە تۆمار بکات،



لە خولـــی رابردووی پەرلەمانیش بـــۆ قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیـــە کاری زۆر کرا و بە هەموارکردنەوەی یاســـای باری کەســـێتی هەوڵـــی رێگریکردن لە هاوســـەرگیریی خـــوار تەمەنی ١٨ ســـاڵ دراوە، لە خولی ئێستاشـــدا لە بەرنامـــەی کارماندایـــە کە بـــە بڕگەیەك لە یاســـای بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژی خێزانی قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە زیاد بکەین، گەرچی کۆمەڵێ ماددە و بڕگەی ئەو یاسایە نەچۆتە بواری جێبەجێکردن و گرفت بۆ لایەنی جێبەجێکار دروســـتدەکات، بۆیە بـــە هەماهەنگی لەگەڵ حکومـــەت و چەنـــد رێکخراوێك دەمانەوێ ئەو یاســـایە هەموار بکەینەوە». گوتیشی: «لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیاســـایەك هەیە بە ناوی (مەئزونی شـــەرعی) واتا رێپێدراوی شەرعی بۆ رێکخستنی مارەبڕین، کە پڕۆژەی ئەنجومەنی دادوەری بووە و خۆیان ئاراستەی پەرلەمانیان کردووە، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی خوێندنەوەی خۆی بۆ کردووە، لە پەرلەمانی کوردستانیش خوێندنەوەی یەکەمـــی بۆ کراوە، ئێمەش یاســـای ژمارە ٨ی ســـاڵی ٢٠١١ی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە بەردەستماندایە و دەمانەوێ هەمواری بکەینەوە.

لـــە لای خۆیـــەوە پارێـــزەر ئیبراهیم جبرائیـــل جامباز، شـــووکردن لە ژێر تەمەنی یاسایی بە «چاولێکەری و لاســـاییکردنەوەی دەوروبەر» لـــە قەڵەم دەدات و رایوایە ئەو جۆرە هاوســـەرگیرییە کێشەی خێزانی زۆری لێدەکەوێتەوە کە زۆرجار بە جیابوونەوە کۆتایی پێ دێت»، گوتیشی: «ئەو کچەی بە تەمەنی منداڵی بە شـــوو دەدرێـــت، غـــەدری زۆری لێدەکرێـــت و زۆرجار هاوســـەرەکەی زۆر تەمەنی لە خۆی زیاترە و لەلایەن ماڵە خەزوورانیشـــی لە بەر ئەوەی تەمەنی کەمە و خاوەن هیچ داهات و ئابوورییـــەك نییە، وەك کارەکەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و هەموو کارەکانی ناوماڵی پێ دەکەن».

رۆژنامەنووس و توێژەری کۆمەڵایەتی هاوژین محیەدین، ســـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە گوێرەی ئاماری دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ رێژەی جیابوونەوە جگە لە پارێزگای هەولێـــر لـــە پارێزگاکانی دیکـــەی هەرێمی کوردســـتان

پارێزەر ئیبراهیم جبرائیل:

**ئەو کچەی بە تەمەنی منداڵی بە شوو دەدرێت، غەدری زۆری لێدەکرێت و زۆرجار هاوسەرەکەی زۆر تەمەنی لە خۆی زیاترە و لەلایەن ماڵە خەزوورانیشی لە بەر ئەوەی تەمەنی کەمە و خاوەن هیچ داهات و ئابوورییەک نییە، وەک کارەکەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**

هانا سالار:

**یەکێک لە رێکارەکانی چارەسەر ئەوەیە بە یاسا هاوسەرگیری مێرمنداڵان قەدەغە بکرێت و سەنتەر و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵبدەن وۆرکشۆپ و خولی درێژخایەن بکەنەوە و بەشێوەیەکی زانستی گەنجان بەرامبەر بە پرۆسەی هاوسەرگیری وشیار بکەنەوە**

هاوژین محیەدین:

**بە گوێرەی ئاماری دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ رێژەی جیابوونەوە جگە لە پارێزگای هەولێر لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان زیادیکردووە**



زیادیکردووە». هۆکارەکەشی بۆ «دۆخی شەڕ و نیگەرانی باری دەروونیی تاك و خراپیی رەوشی ئابووری و ئەو دۆخە نەخوازراوەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە» گەڕاندەوە و ئاماژەی بەوەش کرد کە «چەند هۆکارێکی دیکەش هەن کە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر کێشە خێزانەیەکان هەیە، کە گرنگترینیان بریتین لە: ١-هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی یاسایی.٢-ناپاکیی هاوسەری.٣-بۆشایی و ساردی پەیوەندی خێزانی.٤-خراپی هەڵسوکەوتی هاوسەران و رێز نەگرتن لە یەکتر.٥-بەکارهێنانی جۆرەکانی توندوتیژی بەتایبەت لەلایەن پیاوانەوە.٦-بەکارهێنانی خواردنەوە کحولییەکان و بەکارهێنانی جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان. گوتیشی: «لە وڵاتێکی دراوسێی وەکو تورکیا توێژینەوە کراوە سەبارەت بە رێژەی جیابوونەوەکان و دەرکەوتووە بەشێکی بەرچاوی هاوسەران کە جیابوونەتەوە کەسانی خوێندەوار و رۆشنبیرن، ئەمەش ئەوە دەردەخات هەڵسوکەوتی تاك رۆڵی سەرەکی هەیە لە راگرتنی پەیوەندییە خێزانیەکان، یان بەپێچەوانەوە. دیارە چارەسەرکردنی رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستانیش لە روانگەی ئابووری و ئاسایشەوە کارێکی ئاسان نییە و دواجار کاریگەری لەسەر خێزان و تاکەکان جێدەهێڵێت».

**رێکارەکانی چارەسەر چین؟**

مامۆستای زانکۆ د. مهاباد کامل عەبدوڵڵا چارەسەر و رێکاری نەهێشتنی هاوسەرگیریی پێشوەخت بەوە دەستنیشان دەکات کە «مەلاکان بە هیچ شێوەیەك لە دەرەوەی داداگاش کچانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ مارە نەکەن، حکومەت و پەرلەمانیش رێکاری یاسایی بگرنەبەر بۆ رێگریکردن لە هاوسەرگیریی پێشوەخت و سەرپێچیکارانیش سزای یاساییان بۆ دابنرێت».

کەژاڵ هادی فەقێ جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان، یەکێك لە رێگەکانی چارەسەر بەوە دەزانێت کە پەرلەمانی کوردستان زیاتر گرنگی بە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ بدات و گوتیشی: «ئێمە لە بەرنامەی کارەکانماندایە کۆمەڵێك بڕگە و ماددەی یاسای باری کەسی ئیشی لەسەر بکەین و بە شێوەی قۆناغبەندی ئیشەکان ئەنجامبدەین، لەسەرووی هەموویانەوە هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانییە کە دەمانەوێ قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ساڵی تێدا جێگە بکەینەوە، ئەوەش تا رادەیەکی زۆر دەبێتە رێگەیەك بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە و دیاردەکەش کەمتر دەکاتەوە».

هانا سالار وەك کچێکی

وەزشـــوان و قوتابیی زانکۆی پزیشـــکی، ســـەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «قەیرانی کۆمەڵایەتی و هاوســـەرگیری زۆرەملێ و هاوســـەرگیری لە تەمەنی نەشـــیاو هۆکاری ســـەرەکیی زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوســـەرانن. هەروەهـــا زیادبوونی خیانەتی هاوســـەری و خراپی باری ئابووری و خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژی ڕێژەی تەڵاقی بەرز کردۆتـــەوە». هاوکات جەخت لـــەوە دەکاتەوە کە « بنەماکانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی ئێمە بە شێوەیەکی تەندروســـت نییە و زیاتر پاڵنەرە سێکسییەکان وادەکات کە ژیانی هاوبەش و هاوســـەری دروست بکرێ». سەبارەت بە ڕێکارەکانی چارەســـەریش گوتی: «پێویستە میدیاکان و ڕێکخراوەکانـــی حکوومـــی و ناحکوومـــی بەرنامە بۆ ئایندەی گەنجان دابنێن و زیاتر بایەخ بە بنەماکانی خێزان بدەن و هەوڵبدەن کچان و کوڕان وشـــیاربکەنەوە ســـەبارەت بەوەی لە چ تەمەنێك بایەخ بە پرۆســـەی هاوسەرگیری بـــدەن. یەکێك لە ڕێکارەکانی چارەســـەر و کەمکردنەوەی ڕێژەی جیابوونەوەکانی هاوســـەرانیش ئەوەیە کە بە یاســـا هاوســـەرگیری مێردمنداڵان قەدەغە بکرێت و ســـەنتەر و ڕێکخراوەکانی حکوومی و کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵبدەن وۆرکشـــۆپ و خولی درێژخایەن بکەنەوە و بەشـــێوەیەکی زانســـتی گەنجان بەرامبەر بە پرۆســـەی هاوسەرگیری وشیار بکەنەوە».

پارێزەر ئیبراهیم جبرائیل جامباز، باشـــترین چارەسەر بەوە دەزانێت کە «یاســـای باری کەســـی هەموار بکرێتەوە و یاســـایەکی تونـــد دەربکـــرێ و دادگاش بچێتە ژێرباری یاســـاکە»، بەڵام لەبەردەم ئەو یاسایەشدا کۆسپی گەورە دەبینێت و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت : «لەکاتێکدا لە یاسای باری کەســـێتیدا ڕێگەدراوە بە ئامادەبوونی وەلی ئەمری کچ، کچ لە تەمەنی ١٥ ســـاڵی لە دادگا مارەی بکرێ، لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی لە دەرەوەی دادگا لەلای مەلا مارە دەکرێن و تەمەنی یاســـاییان تـــەواو نەکردووە، حاکم لە بەرژەوەنـــدی ئافرەتەکە هاوســـەرگیرییەکەی دەکات، چونکـــە ئەگەر ئەو ئافرەتە لە دادگا مارە نەکرێت و هیچ نووســـراوێکی یاســـایی نەبێت، ئەوا لە داهاتوودا ناتوانێ لـــە دادگا داوای هیچ مافێکی شـــەرعی خۆی بکات و تەنانەت لە کاتی جیابوونەوەشـــدا هەمـــوو مافەکانی دەســـووتێت، هەروەها منداڵەکانی ناسنامەیان پێ نادرێ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشـــدا دەرکردنی یاسای لەمجۆرە لە بەرژەوەنـــدی کۆمەڵگەی ئێمەدا نابـــێ، چونکە تاوەکو ئەمڕۆش لە گوندەکان و ناوچە دوورە دەستەکان کچەکانمان لە تەمەنێکی زوودا بە شوو دەرێن، ئێمە ناتوانین باوکێکی نەخوێندەوار ڕازی بکەین کە کچەکەی زوو بە شوو نەدات، ئەو بە کارێکی شـــەرعی دەزانێت و دڵی گەرەنتی چییە ئەگەر سبەی بمرم و کچەکەم بکەوێتە دەستی ئەم و ئەو، دوور نییە تووشی غەڵەت ببێ».

مامەڵەی ماردبڕین ( هاوسەرگیری )

| ژ | پارێزگا | ساڵی ٢٠١٣ | ساڵی ٢٠١٤ | بەراوردی نێوان ساڵی(٢٠١٣) و ساڵی (٢٠١٤) | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 18354 | 17044 | 1310 | کەمی کردووە |
| 2 | سلێمانی | 14911 | 13830 | 1081 | کەمی کردووە |
| 3 | دهۆك | 13370 | 10993 | 2377 | کەمی کردووە |
| 4 | کەرکوك/گەرمیان | 6144 | 5586 | 558 | کەمی کردووە |

مامەڵەی تەڵاق و لێك جیابوونەوە

| ژ | پارێزگا | ساڵی ٢٠١٣ | ساڵی ٢٠١٤ | بەراوردی نێوان ساڵی(٢٠١٣) و ساڵی (٢٠١٤) | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 2760 | 2424 | 336 | کەمی کردووە |
| 2 | سلێمانی | 3687 | 4012 | 325 | زیادی کردووە |
| 3 | دهۆك | 1002 | 1103 | 101 | زیادی کردووە |
| 4 | کەرکوك/گەرمیان | 1033 | 1238 | 205 | زیادی کردووە |

ئاماری مامەڵەکانی ساڵی ٢٠١٤

| ژ | مامەڵەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | کەرکوك/گەرمیان | کۆی مامەڵەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ماربڕین(هاوسەرگیری) | 17044 | 13830 | 10993 | 5586 | 47453 |
| 2 | تەلاق و لێك جیابوونەوە | 2424 | 4012 | 1103 | 1238 | 8777 |
| 3 | ڕێپێدان بە ژن هێنانی دووەم | 27 | 36 | 11 | 1 | 75 |